

# مۆد و ستایلەکانی جانتای دەست و سەرشان



جانتاکەت جگە لەوەی کۆکەرەوەی پێدوایستییەکانتە، هەروەها کەرەستەیەکە بۆ جوانی و شیککردنی جلوبەرگەکان، وەك دەگوترێت، جانتا نهێنی تەواوکاری جوانی ئافرەتانە، چ لە دەست بێت، یان لەسەر شان، هەردوو جۆری جانتا جوانی و سەرنجڕاکێشیی خۆی هەیە، هەندێك لە ئافرەتان حەز بە جانتای سەرشان و هەندێکی دیکەش حەزبە جانتای دەست دەکەن، بەڵام بۆ هەموو کات و شوێنێك جانتا هاوەڵی هەمیشەییە، مۆد و ستایلەکانی جانتاکان جۆراوجۆرن، هەر مۆدێك دەکرێت بۆ بۆنە و یاد و شوێنی تایبەتی خۆی هەڵبگیرێت، ئەو شێوازانەی کە دیارترین ستایلەکانی جانتای دەستن، بریتین لە: جانتای نەخشدار، ئەو مۆدە لە شێوەی نەخشی دار و گیانداران و سرووشت دروست دەکرێت، بەتایبەت نەخشی پلنگ و تیمساح، چونکە شێوازێکی فەرمیی هەیە و بۆ کاتی دەوام و شوێنی فەرمی هەڵدەگیرێت، جۆرێکی دیکە بریتییە لە ڕەنگ و شێوازی سادە، کە بۆ کاتی دەرچوون و بازاڕ هەڵدەگیرێت، شێوازی سەتڵ و ڕەنگاوڕەنگ، یەکێکە لە دیارترین مۆدەکانی جانتای سەرشان، کە زیاتر لە ڕەنگێکە، ڕەنگەکانیش زەق و لە دوورەوە دیارن، ئەو جۆرە جانتایە بۆ بۆنە و یادەکان لە شان دەکرێن، جۆرێکی دیکەی جانتا بریتییە لە جانتای شێوە میوە و سەوزە، ئەو جۆرە وەك میوە و سەوزەکان دروست دەکرێت، هەروەها نەخش و ڕەنگی هەمان ئەو میوە و سەوزانە لەسەر بەرگەکانیان دراوە، ناسك و سەرنجڕاکێشن، بەتایبەت بۆ کاتی ئاهەنگ و سەردانی و گەشتکردن.



## ڕێنماییەکان بۆ گرنگیدان بە قژ

قژ، بەشێکی سەرەکیی جوانیی ئافرەتە، نموونەی درەوشانەوە و ڕەنگدانەوەی جوانیی روخسارە، کاتێك قژی خانمان ناوازە دەبێ، سەرنجی هەموان ڕادەکێشێت، بەتایبەت ئەوانەی قژیان لوولە و شێوەی (کارلی) لە خۆ دەگرێت، ئەو ئارایشت و ستایلە ناسك و جوانە، چەندە گرنگیی زیاتری پێ بدەیت، هێندە جوانتر دەبیت. پسپۆڕی قژ (کەریم زەناتی) دەڵێ: بۆ ئەوەی قژت هەمیشە زیندوو بێت، پێویستە بەردەوام کۆتایی تاڵە مردووەکانی قژت ببڕیت، ئەوەش لە ماوەی دیاریکراودا کە سێ مانگ زیاتر نەبێت. هەروەها هەوڵبدە دوو رۆژ جارێك قژت بشۆیت، کرێم و ماددەکانی زەیتیش بەکاربهێنە بۆ ئەوەی پێستی سەرت سوود لە پشوودان و زەیتەکان ببینێت، لە کاری وشککردنەوە بە مجففە (سیشوار) دوور بکەرەوە، ماددەکانی پرۆتین و بۆتۆکس بۆ قژت بەکارمەهێنە، چونکە کاریگەریی خراپی بۆ قژت هەیە، بەردەوامبە لە گەرماوی زەیتی سرووشتی بۆ قژت، چونکە تاکە ڕێگەیە کار لە تەڕکردن و دەوڵەمەندکردنی تاڵە مووەکانی قژت دەکات و ناهێڵێت لە وشکبوون و هەڵوەرین نزیك ببنەوە، هەمیشە چاودێریی قژت بکە، بەتایبەت ئەو کاتەی کە بۆنی ناخۆش دەبێت، یان هەست دەکەی دەبێتە تۆپەڵە.

# هەنگاوەکانی بەر لە نووستن

خەو پشوویەکی پێویستە بۆ مرۆڤ و جگە لەوەی وزەی پێ دەبەخشێتەوە، جوانتریشی دەکات، بەتایبەت ئەگەر خەوێکی تەندروست بێت و چەند هەنگاوێکی بەر لە خەوتن ئەنجام بدرێت، پسپۆڕان جگە لەوەی خەو بە گرنگ و پێویست دەزانن، هەروەها هەنگاوەکانی بەر لە نووستنیش بە گرنگتر لە خەو دادەنێن، لێرەوە بەتایبەتی ئێوەی خانمان ئاشنای هەنگاوەکانی بەر لە نووستن بن:

- ماکیاژ: گرنگترین هەنگاو، پێویستە تەواوی ماکیاژەکەت لاببرێت، چونکە مانەوەی ماکیاژ کاریگەریی خراپی لەسەر روخسار دەبێت، بۆیە پێویستە بە کەرەستەکانی ماکیاژ لابەر و شووشتن، روخسارت بە جوانی پاك بکرێتەوە.

- کرێمی دەست: هەنگاوێکی دیکەی گرنگە، کە چۆن روخسار پێویستی بە پاککردنەوە هەیە، دەستەکانیش پێویستیان بە کرێم هەیە، تا لە کاتی خەودا پێستی دەست وشك نەبێت، بەڵام نابێت کرێمەکە بە شێوەیەکی زۆر لێبدرێت، بەڵکو دەبێت بە سادەیی لە دەست بدرێت.

- تۆنەر: دوای شووشتن و پاککردنەوەی روخسار بە کەرەستەکانی ماکیاژلابەر، پێویستە روخسار بە کلینکسی تەڕ و بە تۆنەر پاك بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خانەکانی روخسار پاك ببنەوە و پەڵە و زیپکەکانیش چارەسەر ببن.

- مەساج: پێویستە مەساجی پێستی روخسار بکرێت، بەتایبەت نێوچەوان و گەردن و روومەتت، بۆ ئەوەی ماسوولکە و خوێنبەرکانی ئەو شوێنانە کارا بن و تا بەیانی کاری خۆیان بکەن، جگە لە روخسار هەوڵبدە دەستەکانیش، بەتایبەت مەچەك و پەنجەکان بشێلە، تا خەوێکی ئارامت هەبێت.

- جلی خەو: پێویستە جلەکەت فراوان بێت، ئەگەر لە کەشێکی سەرمادا بیت، هەوڵبدە جلەکەت گەرموگوڕ بێت، هەروەها دوای شێلانێکی کەم قاچەکانیشت داپۆشە و مەهێڵە هەوای بەرکەوێت.

- خەو و نیگەرانی: بەر لە خەوتن، هەوڵبدە هەست و هۆشت ئارام بکەیتەوە، خەوێکی باش پێویستە کەمتر نەبێت لە (٧) کاتژمێر، هەروەها هەوڵبدە لە کەشێکی تاریك و بێدەنگدا بخەویت، تا جەستەت تەندروست و جوانییشت گەشاوە بێت.





# زەبەلاحترین فیلی جیهان کۆچی کرد

گیاندارەکان، بە پێی قەبارە و شێوەی ستانداری خۆیان بە شێوەیەکی ئاسایی لەبەرچاومان دەردەکەون، هەندێ لە گیانداران هێندە گەورە و زەبەلاحن، کە لە شێوەی سرووشتیی خۆیان دەردەچن و پێوانەیەکی دیکە بۆ خۆیان تۆمار دەکەن، وەك ئەو فیلەی کە قەبارەی دوو ئەوەندەی فیلێکی ئاساییە، ئەو فیلە ناوی (گرانتی)یە، تەمەنی (٨٨) ساڵ بوو، ئەو فیلە لە ویلایەتی (کیرالا)ی باشووری هیندستان دەژیا، دوای ئەوەی نەخۆش کەوت و چاوەکانی کز بوون، لەو کاتەوە لە خواردن دوور کەوتەوە، هەر ئەوەش وایکرد کە تووشی گرفتی دیکەی تەندرووستی ببێتەوە و بکەوێت، دوای چەندین هەوڵی ئەنجومەنی ئەو ویلایەتە کە خۆراکی زۆر و دەوڵەمەندیان بەو فیلە دەدا، کەچی هەوڵەکەیان بێسوود بوو. خواردنە خۆشەکانی پێشووی ئەو فیلە زیاتر (گێزەر و ئەناناس) بوون، دواجار ئەوانەشی پێ نەخورا و مرد.

# یاریگای نێو ئاو

قەرەباڵغی و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان وایکردووە یاریگاکانیش لە شوێنێکی فراوان و پانتایی زیاتردا دروست بکرێن، هەتا جگە لەوەی جێگەی مرۆڤەکان ببێتەوە، هەروەها شوێنی ئۆتۆمبێلەکانیش بە سانایی ببێتەوە، بۆیە یاریگاکان پانتاییەکی زۆر داگیر دەکەن، بەتایبەت ئەگەر لە نێو جەرگەی شار و شوێنی قەرەباڵغدا یاریگایەك دروست بکرێت، ئەوا پێویستی بە شوێنێکی فراوانە. لە کەنداوی مارینا لە سەنگافوورە بەهۆی نەبوونی شوێنەوە، یاریگایەکیان لە نێو ئاودا دروست کردووە، ئەو یاریگایە لەسەر داوای خەڵکی ناوچەکە دروست کراوە، کە درێژییەکەی (١٢٠) مەتر و پانییەکەشی (٨٣) مەترە، جێگەی زیاتر لە نۆ هەزار کەس دەبێتەوە، ژێرەوەی یاریگاکە لە پۆڵا دروست کراوە، ماوەی دروستکردنی ئەو یاریگایە (١٣) مانگی خایاندووە، بە یەکێك لە جوانترین یاریگاکانی جیهان دادەنرێت، تا ئێستا ئەو یاریگایە بۆ یاری و بۆنەی تایبەتی ئەو وڵاتە ئامادەیە و دەرگای کراوەتەوە.



# شێواز و مۆدی جلوبەرگی کوردی بۆ ساڵی (٢٠١٩)


جلوبەرگی کوردی، جگە لەوەی هێما و جلی نەتەوەییمانە، هاوکات لەلایەن دیزاینەران و بەرگدرووانی کوردستانەوە وێڕای ئەوەی پارێزگارییان لە شێوازە ڕەسەنەکەی کردووە، بەڵام مۆدی تازە و ناوازە دەهێنرێتە کایەوە، ئەویش تەنیا بە چەند گۆڕانکارییەك لە جل و پارچەکاندا ستایلێکی تازە بۆ هەر ساڵ و وەرزێك ئامادە دەکەن، دیزاینەر و بەرگدرووی جلی کوردی (ئەسعەد خەیات) کە کارەکانی بوونەتە جێگەی سەرنجی هەمووان، دەربارەی جلوبەرگی ئەمساڵ (٢٠١٩) دەڵێ: جلەکانی ئەمساڵ جیاوازترە لە ساڵانی پێشوو، یەکێك لەو مۆدانە جلوبەرگی شاجوانان بوو، کە ئەو ستایلە بە جلی شاجوانی بەناوبانگە، وەك دەزانین جلی کوردی لە چوار پارچە پێکدێ، کە بریتین لە: کراس و کەوا و ژێرکراس، دەرقاچە، بەڵام ئێمە کردمان بە یەك پارچە، وەك کراس و کەواکە بە یەکەوە بدوورین، کە یەك پارچە نیشان بدات، لەهەمان کاتدا دوو پارچەن کە بە یەکەوە ئامادەکراون، ئەم شێوازەمان کە تایبەت بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری گوڵان ئامادە کردووە، ئەو شێوازەیە کە بە کەوا بەناوبانگە، کەوایەکی مۆدێرنە و شێوازەکەشی لە مۆدی پێشووی کولتووری کوردی وەرگیراوە، وەك دەزانین کولتوورێکی دەوڵەمەندمان هەیە و بە سوودوەرگرتن لە شێوازەکانی پێشوو مۆدە تازەکان دەهێنینە کایەوە، ئەو کەوایە لەگەڵ پێشوو جیاوازە یاخەدارە و ملیوانی هەیە، هەروەها پشتێن و کەمەریشی هەیە، لەو شێوازە جلەدا خشڵ و ئێکسسواری ناوێت، چونکە ئێمە ئۆیەمان لە ڕەنگی زێڕین لەلای ملیوانەکەی داوە، کە کارێکی خێرایە و پێویست بە جوانکاری ناکات، واتە خشڵەکان لە خۆیەتی، بەم چەشنە مۆدێکی ناوازە و شایستەمان بۆ جلی کوردی و بۆ ئەمساڵ ئامادە کردووە.






# ئافرەتان لە هەموو وڵاتێک نیوەی کۆمەڵگە نین

ژمارەی ئافرەتان لە جیهاندا ئەگەر زیاتر لە پیاوان نەبن، ئەوا نیوەی ژمارەی دانیشتووانی زەوی دەبن، واتە لە هەندێ وڵات ڕێژەیان زیاترە و لە هەندێکی دیکەش کەمترە، دواجار ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی (هیومن رایتس وۆچ) لە دوو وڵاتی گەورەی جیهاندا باس لە کەمیی ڕێژەی ئافرەتان دەکات، کە بریتین لە (چین و هیندستان)، هۆکاری کەمیی ڕێژەی ئافرەتان لەم دوو وڵاتە تەنیا کەمیی هاوسەرگیری نییە، بەڵکو بۆ کارکردن و پسپۆڕی ئافرەتانە لە هەندێ بواری کارکردن و ئەرکدا دەگەڕێتەوە، کە بە پیاوان ناکرێت، وەك لە راپۆرتەکەی ئەو ڕێکخراوەدا هاتووە، لە هەندێ ناوچەی هیندستان (١٢٠) پیاو بەرامبەر بە (١٠٠) ئافرەتە، لە وڵاتی چینیش (١٠٠) پیاو بەرامبەر (٧٠) ئافرەتە، دوای لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە ئەو دوو وڵاتە پێویستیان بە (٨٠) ملیۆن ئافرەتە تا ڕەگەزی پیاو و ئافرەت لەو دوو وڵاتەدا یەکسان ببنەوە، ئەوەی سەیرە هەر لەم راپۆرتەدا هاتووە کە لە وڵاتی میانمار ئافرەتان دەفرۆشرێن و نرخیان نێوان (٣ تا ١٣) هەزار دۆلارە، کە تەنیا بۆ منداڵ بوون بەکاریان دەهێنن، لە دوای منداڵبوونەکەیان ئازادن و دەتوانن بڕۆن، کە ئەوەش پێچەوانەی بنەما و ڕێنمایی و یاساکانی مافی مرۆڤ و ئایینەکانە.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی واتادارە، باس لەو کەسانە دەکات کە هەمیشە بە دوای شەڕو جەنگن، بە دوای هەڵگیرسانی ئاژاوە و ناکۆکی نێوان لایەنەکان، کە بەردەوام هەوڵی بۆ هەڵگیرسانی جەنگ دەدەن.



## فێلکاریی چاو

لەم وێنەیەدا شوێنێك دیارە، کە چەندین پلیکانە و ڕۆبۆت هەن، هەوڵبدە بزانیت ڕاست و دروستیی وێنەکە چۆنە و بە کام لای وێنەکە سەیر بکەیت، وێنەیەکی دروستت بۆ دەردەچێت.

## پوختەی فیلم

**بەستەڵەك – Frozen 2**

یەکێکە لە دراما خۆش و بە جۆشەکانی فیلمی ئەنیمەیشن، کە لە بەشی یەکەمدا جەماوەرێکی زۆری هەبوو، لە ساڵی (٢٠١٩) بەشی دووەمیشی بەرهەم هاتووە کە درامایەکی فەنتازیایە و لە وڵاتی ئەمریکا کاری بۆ کراوە، لە دەرهێنانی (جینیڤەر لی و کریس بۆوك)ە، لە بەرهەمهێنان و نووسینی (ئەلیسۆن شۆریدۆر و جینیڤەر لی)یە و وەك کارەکتەرەکان هەر یەك لە (کریستین بێل و ئەدینا مینزێل و ستیرلینگ کەی براون) ڕۆڵیان بینیوە، لە بەشی دووەمدا کچەشا (ئێلسا) لە سەرکێشییەکدا دەیەوێ لە شانشینەکەیان کە (ئەریندیلی)یە دوور بکەوێتەوە و دواتر دوچاری گرفت و کێشە دەبێتەوە. ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٥) خولەکە، بودجەی فیلمەکە (٣٤) ملیۆن دۆلارە.





## وێنەکێشان کۆمان دەکاتەوە

وێنەکێشەکان هەمیشە بۆیە و ڕەنگی زەیتی و دار و فڵچەیان لە دەستە، هەندێ جار ئاگاداری شێوە و جوانی و ڕوخساری خۆیان نابن، تەنانەت هەندێ جار لەناو هەوادارەکانیاندا هاوشێوەی خۆیان دەدۆزنەوە، ئەو دوو کچە وێنەکێشە چیرۆکێکی سەیر کۆیان دەکاتەوە، (جۆیس ئان جی) لە شاری هۆنگ کۆنگ و هانا مۆکەن لە بەریتانیا، هەردووکیان وێنەکێشن و شێوەیان لە یەکتر دەچێت، لەو کاتەی یەکیان بینیوە کە لە شاری دوبەی بەشدارییان لە نمایشێکی وێنەکێشاندا کردووە، ماوەی (١٠) ساڵە بوونەتە هاوڕێ، کەچی بە ئەستەم لە یەکتر تێدەگەن، چونکە نە کچە بەریتانییەکە کۆری دەزانێ و نە کچە کۆرییەکەش ئینگلیزییەکی باش دەزانێت، دواجار نمایشێکی وێنەکێشانیان بە ناوی خۆیان ئەنجام دا، لە تابلۆ و وێنەکانیاندا هەمیشە کولتوور و شێوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تێکەڵ دەکەن.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بیرکردنەوەت جوانە بۆ داهاتوو، کەسێکی لێهاتووی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان کەسانی دەوروبەر، هەوڵی یارمەتی کەسانی دیکە بدە، چونکە کەسانی دەوروبەر یارمەتییان داوی، ماوەیەکە کێشەت لەگەڵ کەسێکە بەم زووانە چارەسەر دەبێت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ناخت پاکە و مەهێڵە کەسانێك بتوانن ئازارت بدەن، هەوڵبدە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەت ڕێك بخەیتەوە، چونکە هەندێ جار بوونەتە کێشە بۆت، کەسێك چاودێریت دەکات و تۆش چاودێری بکە، ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و لەم ماوەیەدا دەرگای دڵخۆشیت بۆ دەکرێتەوە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت، ماوەی داهاتووت پڕ کێشە دەبێت، بۆیە خۆتی بۆ ئامادە بکە، کەسێکی ژیر و وریایت، ئەو کەسەی ماوەیەکە لە ناو دڵتە، یارمەتی بدە، تا بێتەوە سەر سرووشتی خۆی، کێشەکانت بە تووڕەیی چارەسەر نابن، واچاکە هێمن و لەسەر خۆ بیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کەسێکیت کە دەروونت ئارامە، هەوڵبدە شێوازی مامەڵکردنیشت وا بێت، ئەو ماوەیەی ڕادبروو ئازاری زۆرت چێشت، داهاتووت بەرەو باشی دەچێت، ئەو کارەی کە ماوەیەك سەرقاڵی بوویت، لە داهاتوو بە باشە بۆت دەگەڕێتەوە، کەسێکی دڵ گەورە بە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

کەسایەتیت بەهێزە و تۆش کارێك مەکە کە بە خراپە بۆت بگەڕێتەوە، داهاتووت بەرەو کاری تازە دەچێت، هەستت فراوان بێت، هەمیشە بیر لە ڕابردوو مەکەوە چونکە بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، لە بواری کارکردندا بێزاریت پێوە دیارە، زیرەکیی خۆت بسەلمێنە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**


لە کارکردن ماندووبوونت پێوە دیارە، بەڵام ئەنجامەکانی دڵخۆشکەر دەبن بۆت، خەریکە لە دەست کێشەکانت بێزار دەبیت، بۆیە دەبێ هەوڵی زیاتری بۆ بدەیت تا بە ئەنجامی پێویست دەگەیت، کارێك مەکە ببێتە مایەی بێزاری بۆ کەسانی دەوروبەر، دڵت پڕخەم مەکە.

# بۆ زانیاریت

## هێڵی سەرشانی فڕۆکەوان - (epaulette)

ئەو هێڵانەی کە لە سەرشانی فڕۆکەوانە لە هێڵی سەرشانی کەشتیوانەکانەوە وەرگیراون. لەدوای جەنگی یەکەی جیهان کاتێك بۆ یەکەم جار فڕۆکە بۆ گواستنەوەی سەرنشین بەکار هات، پێیان دەوت کەشتیی فڕیو، فڕۆکەوانەکان جلی سەربازییان لەبەردا بوو لە ئەمریکاوە بۆ ئەورووپا دەفڕین، بەڵام دواتر کە هێڵی فڕۆکەوانی دروست بوو، جلی کەشتیوانییان بۆ فڕۆکەوانەکان هەڵبژارد، ئەویش لەسەر بنەمای جوانی و متمانەی زیاتری سەرنشین بەو جلانە بە بەراورد بە جلی سەربازی، لە هەمانکاتدا لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان کاری فڕۆکەوان و کەشتیواندا هەیە، بەتایبەت لە نەڤیگەشندا (دۆزینەوەی شوێن).

هەروەك چۆن هێڵەکان لە کۆلێژێکەوە بۆ کۆلێژێکی دیکە دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە لە هێڵێکی فڕۆکەوانییش بۆ هێڵێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیەیە: Student pilotئەو کەسەیە کە هیچ هێڵێك لەسەر شانی نییە و هێشتا فێرخوازی فڕۆکەوانییە لە نێوان سفر بۆ ٢٠ کاتژمێر فڕینی هەیە. Mature pilot ئەو کەسەیە کە یەك هێڵی لەسەر شانە، واتا هێشتا فێرخوازی فڕۆکەوانییە و لە ٢٠ بۆ ٤٠ کاتژمێر فڕینی هەیە. Private pilot ئەو کەسەیەکە دوو هێڵ لەسەر شانەکانیەتی، خاوەنی بڕوانامەی تایبەتی فڕۆکەوانییە و لە ٤٠ بۆ ٧٠ کاتژمێر فڕینی هەیە، چاوەڕوانی ئەوەیە کە لە ئایرلاینێك وەربگیرێت ئەویش دوای ئەوەی دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی CPL پێی دەوترێت سێکند ئۆفیسەر (second officer). فڕۆکەوانی تایبەت دەتوانێت وەك فڕۆکەوانی تایبەت، یان وەك فڕۆکەوانی خۆهەڵدانی پەرەشووت لە فڕۆکەوە کاربکات. First officer ئەو کەسەیە کە سێ هێڵی لەسەر شانە و ماوەی ١٥٠ بۆ ٢٠٠ کاژێر فڕینی هەیە. لە ئێرلاینێك وەك ئەفسەری پلە یەك (کۆ پایلۆت) کار دەکات، لە لای راستی کۆکپێتەکەوە دادەنیشێت و ئەزموون وەردەگرێت بۆ ئەوەی ببێ بە کاپتن. (Captain) کاپتن ئەو کەسەیە کە چوار هێڵی لەسەر شانە و کاپتنی فڕۆکەکەیە و دەسەڵاتی فڕۆکەکەی بەدەستە. لە هەموو جیهاندا چوار هێڵ هێمایە بۆ کاپتنی فڕۆکەوانی. پێویستە کاپتن هەڵگری بڕوانامەی Airline Transport Pilot License Holder (ATPL)بێت. گرنگیی دانانی ئەو هێڵانە لەوەدایە کە کاتێك کە دەڕۆیتە ئایرلاینێکەوە، دەزانی لەگەڵ کێدا کاردەکەیت. بۆ نموونە: کاتێك کە فڕۆکەوانێك دەبینی دوو هێڵی لەسەر شانە، دەزانی کە ئەو کەسە تازە دەرچووە و ئەزموونی کەمە، بەڵام کەسێك کە سێ هێڵی لەسەر شانە ئەزموونی زیاترە. هەرچەندە هەموویان فڕۆکەوانن و کاری خۆیان بەباشی دەزانن و بڕوانامەیان لەسەر پیشەکەیان وەرگرتووە، بەڵام ئەزموون لە فڕۆکەوانیدا کاریگەریی زۆری هەیە.






### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بڕیارەکانت بە جوانی بدە و ئەوەندەش تووڕە مەبە، خۆت بە کەسێکی گەورە بزانە و رابردووت لە بیر بکە و داهاتووت بە هەند وەربگرە، هیوات بە پاشەڕۆژت بێت، چونکە خەریکە کێشەکانت چارەسەر دەبن، کەسێك چاودێریت دەکات، تۆش فەرامۆشی بکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە بیرکردنەوەت ئەرێنی بێت و خۆت لە کێشەکان بە دوور بگریت، لە پێگەی خۆتدا کەسێکی شیاوی، ماوەیەکە هەستەکانت بە قووڵی دەردەبڕی، ئەو کەسەی کە لەدڵتدایە ئاگاداری بە و فەرامۆشی مەکە، کەسێکی دڵت گەورەیە و یارمەتیی کەسانی دیکە بدە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێ، ئەو ئەرکەی لەسەرتە بە جوانی جێبەجێ بکە، کەسێك شایستەی تۆیە و تۆش یارمەتی بدە، کەسێکی دڵت گەورەیە، بەڵام بەختت نییە، ماوەیەکە کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت و کەسانی دیکەش دەستخۆشیت لێدەکەن.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێ، ئەو ئەرکەی لەسەرتە بە جوانی جێبەجێی بکە، کەسێك شایستەی تۆیە و تۆش یارمەتیی بدە، کەسێکی دڵت گەورەیت بەڵام بەختت نییە، ماوەیەکە کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت و کەسانی دیکەش دەستخۆشیت لێدەکەن.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتەکانت بەفیڕۆ مەدە، هەوڵبدە سوود لەو ماوەیە وەربگریت کە کارت نییە و کاتت زۆرە، هەوڵی خۆگونجانی زیاترت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بدە، کەسێکی بەختت نییە، بەڵام کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

خەریکە دەگەیت بەو ئاواتەی کە ماوەیەکە کاری بۆ دەکەیت، لە کارێك کە ئەنجامت داوە پەشیمان مەبەرەوە، کێشە خێزانییەکانت چارەسەر دەبن و پێویست ناکات خۆت دڵتەنگ بکەیت، لە ماوەی داهاتوودا هەوڵی هەر کارێك بدەیت، بۆت دەگونجێت.



## پەند و وتە

شۆڕشگێر و سەرکردەی سەربەخۆخوازی وڵاتی هیندستان (موهانداس کارەمچاند گاندی) ساڵی (١٨٦٩) لە شاری پۆربەندەر-ی هیندستان لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٤٨) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی راستگۆیی لە قسەکردن و هەڵە دەڵێ: کاتێك تۆ لەسەر حەق و راست دەبیت، دەتوانی کۆنتڕۆڵی هەست و دەمارگیریت بکەیت و قسەی راستیش بڵێیت، بەڵام کاتێك لە هەڵەدا دەبیت، ئەو کاتە تەنیا قسەی بریندارکەر و ناماقووڵ دەکەیت، تەنیا بۆ ئەوەی رای خۆت بەسەر کەسی بەرامبەردا بسەپێنیت.




کچێك لەگەڵ کوڕێکی کەم ئەقڵ خۆشەویست دەبن، کچەکە بە کوڕەکە دەڵێ: پێم خۆشە ببین بە ژن و مێرد، کوڕەکەش دەڵێ: باشە رازیم، بەڵام دەمەوێ من پیاوەکە بم!